مەشهەدانی فراکسیۆنە سیاسییەکان بە بەرپرسیار دەزانێت لە نەبوونی ڕێژەی یاسایی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا

مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان فراکسیۆنە سیاسییەکانی بە بەرپرسیار زانی لە نەبوونی ڕێژەی یاسایی لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا.

مەشهەدانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلومەرجەی ئێستا کە لە هەموومان دەخوازێت بەرزترین ئاستی بەرپرسیارێتی نیشتیمانی وکاری جددی بکەین بە خزمەتکردنی گەلی خۆشویستمان دوێنێ دواخستنی دانیشتنی بریاردراوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەهۆی نەبوونی ڕێژەی یاسایی ڕاگەیەندرا

مەشهەدانی وتیشی ئەم دواخستنە کە لە ئەنجامی نەبوونی ژمارەیەک نوێنەر هاتە ئاراوە و یەکەمیش نییە، ڕێنگدانەوەی تەحەددایەکی ڕاستەقینەیە کە ڕووبەڕووی ئەنجومەن دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی ئەرکە دەستووری و یاساییەکانیدا".

ڕوونیشیکردەوە، "نەبوونی نیسابی یاسایی تەنها کاریگەری لەسەر ڕێوتی کاری یاسادانان نییە، بەڵکو کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرژەوەندیی گەلی عێراقیش هەیە، کە چاویان لە یاسای یەکلاکەرەوەیە کە سەقامگیری وێات بەرزبکاتەوە و پەداویستییە بەپەلەکانیان دابین بکات".

مەشهەدانی درێژەی بە قسەکانی دا و وتی: "لەڕاستیدا فراکسیۆنە سیاسییەکان بە بەرپرسیار دەزانم لەم

پەککەوتنە، داواشیان لەدەکەم ئەرکە نیشتمانییەکانیان دوور لە حیساباتی تەسک و جیاوازی سیاسی هەبگرن"، ئاماژەی بەوەشدا "ئەو قۆناغەی عەراق پێیدا تێدەپەڕێت پێویستی بە هەموومان هەیە". بە تەپڵاندنی بەرژەوەندییە کەسییەکان و یەکمایەتیدان بە بەرژەوەندی باڵای میللەت".

داوای لە "هەموو ئەندامانی ئەنجومەن پابەند بن بە بەشداریکردن لە دانیشتنەکان و بەشداری چالاکانە لە دەرکردنی یاساگەلێک کە خزمەت بە بەرژەوەندی هاوڵاتی عەراقی دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی پێیوەستن بە باشترکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و پاڵپشتیکردنی ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاسایش و سەقامگیری".

دووپاتیشی کردەوە، "ئەنجوومەنی نوێنەران بەردەوام دەبێت لە کارکردن بە بەدیهێنانی خواستەکانی گەلەکەمان، هەروەها هەموو هەوڵێک دەدەین بە ئەوەی دانیشتنەکانی داهاتوو لە وادەی دیاریکراوی خۆیاندا بەڕێوەبچن، و بە هەموو جددییەکەوە کاردەکەین بە تەواوکردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی لەخۆی دەگرێت